# زانیاری بۆ کۆکردنەوەی نمونەی شلەی تۆو بۆ شیکردنەوەی توانای منداڵبوون لە نەخۆشخانەی یۆرك.

**هەموو نمونەکان بۆ شیکردنەوەی توانای منداڵبوون پێویستە ڕاستەوخۆ ببرێنە نەخۆشخانەی یۆرك York Hospital. لە نەخۆشخانەی سکاربۆرۆ Scarborough Hospital هیچ تاقیگەیەك بۆ ئەم پشکنینە نیە.**

**تکایە ئاگاداربە:** ڕێنمایی توندی وەرگرتنی نمونە هەیە بۆ شیکردنەوەی توانای شلەی تۆو واتا سپێرم بۆ بوون بە منداڵ. ئەمانە بۆ پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO 2021)، کە پێویستە بۆ باوەڕپێکردنی UKAS لە بەرامبەر ستانداردەکانی ISO 15189، و هەر نادڵنیاییەك لە ئەنجامەکاندا کەم دەکاتەوە.

**<u>ئەگەر ڕێنماییەکانی ئەم لاپەڕەیە جێبەجێ نەکرێن، نمونەکان پرۆسێس ناکرێن.</u>**
**تکایە پێش بەرهەمهێنانی نمونەکەت بە وردی بخوێنەوە.**

## <u>چاوپێکەتن دانان بۆ گەیاندنی نمونەیەك یان بۆ بەکارهێنانی ژووری بەرهەمهێنانی نمونە</u>

**دەبێت چاوپێکەتنێک بگریت** جا تۆ بتەوێت نمونەکەت لە ماڵەوە بەرهەم بهێنیت یان ژووری تایبەت لە شوێنەکە بەکاربهێنیت. تکایە ماڵپەڕەکەبەکاربهێنە کە هەموو کاتەکانی چاوپێکەوتنی بەردەست دەبینیت:
[/https://www.yorkhospitals.nhs.uk/andrology](https://www.yorkhospitals.nhs.uk/andrology)

چاوپێکەتن دانان دەبێت بەلانیکەم 2 ڕۆژ پێشوەختە ئەنجام بدرێت. چاوپێکەوتن تەنها لە دووشەمە تا هەینی بەردەستە و پشووی بانکی ناگرێتەوە. تکایە دڵنیابە لەوەی کە چاوپێکەتنێکی دروستی پێویست دانراوە چونکە لەوانەیە نەتوانین هیچ گۆڕانکارییەك بکەین لە مەوعیدەکە.

**نمونەکان بەبێ چاوپێکەتن پرۆسێس ناکرێن.**

هەموو زانیارییەکان سەبارەت بە نمونەکانی دەفر sample pots، فۆڕمی داواکاری و پێناسە/ڕاراوە دەتوانرێت لە ماڵپەڕی مەوعید دانان بدۆزرێتەوە. هەروەها دەتوانرێت پرسیارە بەردەوامەکان FAQ لەوێ بدۆزرێتەوە.

لەکاتی ئامادەبوونت لە کاتی چاوپێکەوتنەکەت، **تکایە چاوەڕێ بکە <u>لە دەرەوەی</u> دەرگای سەرەکی نەخۆشخانەکە و لە کاتی چاوپێکەوتنەکەت تەلەفۆن بکە بۆ تاقیگە بۆ** ژمارە تەلەفۆنی 01904726258 – لە دەرەوە سیگناڵی تەلەفۆنی باشترت دەبێت و تایبەتمەندی زیاترت دەبێت بۆ قسەکردن لە ڕێگەی وردەکاریی زانیارییەکانت پێش ئەوەی بانگهێشت بکرێت بۆ چاوپێکەوتنەکەت/بۆ ئەوەی نمونەکەت لە پێشوازی نمونەکان specimen reception بەجێبهێڵیت.

## <u>گەیاندنی نموونە</u>

ئەو نمونانەی لە ماڵەوە بەرهەم دەهێنرێن دەبێت لە تاقیگەدا **<u>لە ماوەی 45 خولەکدا</u>** وەربگیرێن لە **کاتی گەیاندنی** پێشوەختە حجزکراودا. نموونەکە **پێویستە** لە ماوەی **یەك کاتژمێردا پرۆسێس بکرێت** دوای کۆکردنەوە. گەیشتن بە شوێنی چاوپێکەوتنەکەت لە دەرەوەی کاتەکەت مەترسی ئەوەی هەیە کە نمونەکەت ڕەت بکرێتەوە (ئەمەش هاتنی پێشوەختە دەگرێتەوە).

## <u>ژووری بەرهەمهێنانی نمونە</u>

ئەگەر لە ماوەی 45 خولەکدا نەتوانیت لە ماڵەوە نمونەکە بگەیەنیت، دەتوانرێت ژوورێکی تایبەت بە بەرهەمهێنانی نمونەی شلەی تۆو لەناو نەخۆشخانەکەدا **پێشوەختە مەوعیدی بۆ دابنرێت** بە بەکارهێنانی ماڵپەڕەکە. پێویستە پێش ئامادەبوون لە چاوپێکەوتنەکەتدا دامەزراوەی ناو شوێنەکە مەوعید دابنرێت، لەوانەیە شوێنەکە بۆ بەکارهێنان ئامادە نەبێت ئەگەر مەوعیدەکەی بەهەڵە حجزکرابێت.

## <u>پێویستیەکانی نمونە:</u>

- نمونەکان **دەبێت** فۆڕمی داواکاری **پڕکراوەی** لە پزیشکی **کلینیکی/پزیشکی گشتی** تۆ لەگەڵدا بێت. تکایە دڵنیابە **لەداواکردنی وردەکارییەکانی زانیاری دەربارەی پزیشکی کلینیکی/بنکەی تەندروستی پزیشکی گشتی GP** – ناو و شوێن – بە ڕوونی نووسرابن. ناوبەناو ڕەنگە داواکارییەکە لە پزیشکی ئافرەتان/پزیشکی ڕاوێژکاری نەخۆشخانە هاوبەشەکانەوە دروست کرابێت؛ ئەگەرنا دەبێت داواکارییەکە دەبێ لە پزیشکی خۆتەوە بێت.

سەرچاوەکان:

کتێبی تاقیگەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO بۆ پشکنین و پرۆسێسکردنی تۆوی مرۆڤ، چاپی شەشەم، 2021.



بەخۆڕایی بۆ چاپکردن

- نمونەکان **پێویستە** لەناو **دەفری نمونەی تاقیکراوی ژەهراویبووندا toxicity-tested specimen pot** بەرهەم بهێنرێن کە دابینکراوە (بەم شێوەیەی خوارەوە ناوی لێنراوە). تکایە دوور بکەوە لە هەڵگرتنی دەفرەکە لە نزیك هیتەرەکان کە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی پلاستیکەکە ژەهراوی بێت بۆ تۆو واتا سپێرم. **<u>نمونەی ناو دەفرێکی هەڵە ڕەتدەکرێتەوە.</u>**




- تۆ **پێویستە** لە تۆو فڕێدان بەدوور بیت بۆ ماوەی **بەلانیکەم 48 کاتژمێر** و **زۆرترینی 7 ڕۆژ** پێش بەرهەمهێنانی نمونەکە. ئەگەر ماوەی خۆبەدوورگرتن لە دەرەوەی ئەم ماوەیە بێت، ئەوا **<u>یەکسەر نمونەکە ڕەتدەکرێتەوە.</u>**
- **تۆ نابێت کۆندۆم، پچڕانی جووتبوون یان** چەورکەر lubricants بۆ کۆکردنەوەی نمونە بەکاربهێنیت چونکە ***هەر*** پیسبوونێك دەبێتە ژەهراوی بوون بۆ سپێرم. نمونەکە پێویستە بە دەستپەڕی ڕاستەوخۆ تەنها بۆ ناو دەفرەکە کۆبکرێتەوە.
- بۆ دڵنیابوون لە پاکوخاوێنی کەسی باش، دەبێت**تەواوی نمونەکە** بە دەستپەڕی ڕاستەوخۆ بخرێتە ناو ئەو دەفرەی کە دابینکراوە. ستافی تاقیگە داوات لێدەکەن کە تەئکید بکەیتەوە لە تەواوی نمونەکە. بەو پێیەی بەشی یەکەمی نمونەکە دەوڵەمەندە بە سپێرم، نمونەی ناتەواو **<u>ئەنجامێکی جێی متمانە نیە و هەربۆیە ناتوانرێت پرۆسێس بکرێت.</u>**
- **تۆ پێویستە نمونەکە لە پلەی گەرمی جەستەداگەرم ڕابگریت، بۆ نموونە.** بە هێشتنەوەی لە گیرفانێکی نزیك لە جەستەتەوە. داوات لێدەکرێت ئەمە تەئکید بکەیتەوە. (ئەمە ئەو نەخۆشانە ناگرێتەوە مەوعیدی ژووریان حجزکردووە).
- **تکایە کات و بەرواری کۆکردنەوە لەسەر فۆڕمی داواکاری بنووسە.**
- دڵنیابە کە وردەکاریی زانیارییەکانت بە تەواوی لە هەردوو فۆڕمی داواکاری و دەفری نمونەکەدا پڕکرابێتەوە. زانیارییە پێویستەکان بریتین لە **ناوی یەکەمت و ناوی خێزانت و بەرواری لەدایکبوونت. هەروەها پێویستە فۆڕمەکە ناونیشانت و ژمارەی NHSت (لەو شوێنانەی کە بتوانرێت) بنووسرێت.**
- **تکایە ئاگاداربە:** پرسیارت لێدەکرێت کە ئایا ڕەزامەندیت لەسەر هەر نمونەیەکی ماوەتەوە کە بۆ مەبەستی ڕاهێنان و کوالیتی بەکاربهێنرێت. ئەمەش بەشێوەیەکی نەناسراوی دەپارێزرێت و بۆ ڕاهێنانی ستافە نوێیەکانە و بۆ پەیڕەوکردنی ستانداردەکانی ISO.

## <u>ئاراستەکان</u>

بۆ ڕێنماییەکانی نەخۆشخانە، تکایە نەخۆشخانەی یۆرك یان پۆست کۆدی YO31 8HE لە سیستەمی ناڤیگەیشن navigation /نەخشەی سەر تەلەفۆن بەکاربهێنە.

پارکی وەستانی ئۆتۆمبێلی فرە نهۆمی تا 15 خولەك وەستانی ئۆتۆمبێل بەخۆڕایی هەیە. جگە لەوەش چوار "شوێنی دابەزاندن" لە پێشەوەی نەخۆشخانەکەدا هەیە کە بۆ ماوەی 20 خولەك بەخۆڕاییە، ئەگەر بەردەست بێت. زانیاری لەسەر پارکی وەستانی

سەرچاوەکان:

کتێبی تاقیگەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO بۆ پشکنین و پرۆسێسکردنی تۆوی مرۆڤ، چاپی شەشەم، 2021.

ئۆتۆمبێل دەتوانرێت لە ماڵپەڕی نەخۆشخانەکەدا بدۆزرێتەوە: دەستەی دامەزراوەی NHS ی نەخۆشخانە فێرکارییەکانی یۆرك و سکاربۆرۆ - گەیشتنە ئێرە (york hospitals.nhs.uk)

*ئەگەر لە کاتی دابەزاندنی نمونەیەکدا تووشی کێشەی هاتوچۆ یان کێشەی وەستانی ئۆتۆمبێل بوویت، تکایە پەیوەندی بە تاقیگەیەکەوە بکە بە ژمارە تەلەفۆنی 01904726258، دەتوانین ئامۆژگاریت بکەین یان کاتەکەت بۆ ڕێکبخەینەوە ئەگەر پێویست بوو.*

شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل بۆ کەمئەندامان دەستبەجێ لە دەرەوەی دەرگای سەرەکی بەردەستە. ئەمانە تەنها بۆ خاوەن باجی کەمئەندامانە disabled badge. پارکی وەستانی ئۆتۆمبێل لەناو پارکی فرە نهۆمیدا بەخۆڕاییە بۆ ئەوانەی باجی کەمئەندامییان هەیە بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێل.

## پەیوەندیکردن بە تاقیگە

ئەگەر کێشەت هەبوو لە مەوعید دانان بە ئۆنلاین تکایە پەیوەندی بکە بە تاقیگە بە ژمارە تەلەفۆنی 01904726258. تکایە ئاگاداربە، ئەمە هێڵی ڕاستەوخۆیە بۆ تاقیگە، لەوانەیە نەتوانین مامەڵە لەگەڵ پرسیارە تەلەفۆنییەکان بکەین لە ماوەی سەرقاڵیدا چونکە ستافی کارگێڕیمان نیە کە هێڵی تەلەفۆنەکە بەڕێوەببەن.

هێڵی تەلەفۆنەکە بەڕێوەدەبرێت لە کاتژمێر 08:30 – 17:00، ڕۆژانی دووشەمە-هەینی بەبێ ڕۆژانی پشووی بانکی.

سەرچاوەکان:

کتێبی تاقیگەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO بۆ پشکنین و پرۆسێسکردنی تۆوی مرۆڤ، چاپی شەشەم، 2021.



بەخۆڕایی بۆ چاپکردن